# 18 پاکیزه ئەنفالکراوەکە لە فیلمێکی بەڵگەنامەییدا



لە درێژەی چالاکییەکانی ماڵی کورد لە تۆرۆنتۆ ،ئێوارەی یەکشەممە 22/10/2006 میوانداری رۆژنامەوان وفیلمسازی کوردژیار گوڵ- ی کرد، لەوئێوارەیەدا دوا فیلمی دێکۆمێنتەری خۆی نیشاندا کە دەربارەی کێشەو ئاستەنگییەکانی بەردەم پزیشکە کۆچکردووەکانە بۆ کەنەدا کە زۆر بەسەختی دەتوانن درێژە بە کارکردن بدەنەوە لە بواری خۆیاندا ،ئەم فیلمە پێشترلە Global TV نیشان دراوە ، دوای پێشاندانی فیلمەکە گفتوگۆی لەسەر کراو دەرهێنەریش وەڵامی پرسیارەکانی ئامادەبووانی دایەوە.

جێگەی باسە ژیارگوڵ خەڵکی رۆژهەڵاتی کوردستانەوئێستا نیشتەجێی شاری ڤانکۆڤەری کەنەدایەولەبواری فیلمی دێکۆمێنتەریدا کار دەکات وتا ئێستا چەندین فیلمی لەوبوارەدا بەرهەمهێناوە لەوانە( دروشمی تورکیاکێشەی کورد ، خەباتکردن لەپێناو دادپەروەری: لەیلا زانا هێمای ئازایی ، ئازادی یا داگیرکاری: گوزەرێك بەناو عیراقدا) ، پرۆژەی داهاتووشی فیلمێکی دیکۆمێنتەرییە لەسەر ئەنفال وبەتایبەتیش 18 کچە ئەنفالکراوەکەی کورد کە بەمیسر فرۆشران ،بۆئەم مەبەستەش دەرهێنەر بەنیازە سەردانی میسر وباشووری کوردستان بکات.



راگەیاندنی ماڵی کورد لەتۆرۆنتۆ

www.kurdishhouse.org